**کورتەباسێکی Logical Framework Approach – LFA**

میتۆدی Logical Framework Approach - LFA ئامرازێکی ئامانجبەند objective-oriented ی پلانڕێژیە. ئامرازێکە بۆ داڕشتنی دیدێکی هاوکۆ دەربارەی هەم کێشە و هەم ئامانج و هەروەها ئەو کارەی پێویستە بۆ وەدی هێنانی ئەو گۆڕانکارییە. ئامرازێکە بۆ دیاری کردنی ئامانج، پلان دانان، شرۆڤە، مەزەندە کردن، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی پرۆژە و پرۆگرام.

میتۆدی LFA لە ساڵانی 1960 ەوە لە ئەزموونداپە و لە بەشێکی بەرفرەوانی جیهاندا ئەنجامی سەرکەوتووی هەبووە. LFA لە هەموو قۆناغەکانی پرۆژەدا، هەر لە ئامادەباشییەوە و هەتا هەڵسەنگاندن، کارایە.

هەر هەموو شرۆڤەی LFA بریتییە لە نۆ هەنگاو

1. شرۆڤەی کۆنتێکستی پرۆژەکە / شرۆڤەی دەوروبەر Analysis of the project's Context
2. شرۆڤەی پەیوەندیداران / گروپ و کەسانی کاریگەر و بەرتین Stakeholder Analysis
3. شرۆڤەی کێشە / شرۆڤەی بارودۆخ Problem Analysis / Situation analysis
4. شرۆڤە و داڕشتنی ئامانج Objectives Analysis
5. پلانی چالاکی Plan of Activities
6. بەرنامەڕێژی کەرەستەی پێویست (توانا و بەهرەی ماددی و نامادد ی) Resource Planning
7. پێوەر بۆ پێوانی ئامانج پێکان Indicators / Measurements of Objectives
8. شرۆڤەی ڕیسک (کۆسپ و مەترسی) Risk Analysis and Risk Management
9. شرۆڤەی هەلومەرجی ئامانج پێکان Analysis of the Assumptions

مەرج نییە ئەم هەنگاوانە هەر بەو زنجیرەیە یەک دوای یەک پیادە بکرێن. هەر هەنگاوێک لە میانەی ڕەوتی پرۆژەکەدا و بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ گەشەی پرۆژەکەدا بەرگۆڕین و بیرازە.

بۆ ئەوەی LFA وەک میتودێکی ڕێبەری سەرکەوتوو بێت دەبێت گروپی ئامانج (ئەو گروپەی لە پرۆژەکەدا ئامانجن و گۆڕانکارییەکە دەیانگرێتەوە و بۆ ئەوانیشە) بەرپرسایەتیی پیادە کردنی گۆڕانکارییەکە بگرنە ئەستۆ.

هەنگاوی 1-4 بۆ ئەوەیە چارەسەری کێشەیەکی گروپی ئامانج بکات، بۆ ئەوەیە هۆکاری کێشەکە لەکار بخات.

هەنگاوی 5-7 بۆ دڵنیابوونە لەوەی دەشێت ئەم پرۆژەیە پیادە بکرێت و هەروەها کەرەستەی پێویست بۆ گەیشتنە ئامانج بەردەستە.

هەنگاوی 8-9 بۆ مەزەندە کردنی هێزی پرۆژەکەیە، ئایە دەکرێت بە توانای خۆی، بێ هاوکاری دەرەکی، بەردەوام بێت؟ ئایە کاریگەری و بەرهەمەکەی جێگیرە؟

شرۆڤەی LFA پێشانی دەدات پرۆژەی بەرباس تا چ ڕادەیەک لەبارە. ئایە چارەی کێشە دیاریکراوەکان چارەیەکی چوستن. ئایە پرۆژەکە بەرپیادەیە. ئایە دەرئەنجامەکانی جێگیرن. LFA یاریدەرە بۆ دیاری کردنی مەترسییەکانی سەررێی پرۆژەکە.

لە بواری LFA دا ئامانج دوو ئاستی هەیە:

- وێنا Goal / Overall Objective – وێنا بەرزنۆڕ و درێژخایەنە، شارێی کار دادەڕێژێت. 5 تا 10 ساڵ پاش تەواوبوونی پرۆژەکە ئەوجا دەگەینە شائامانج.
- ئامانج Purpose – ئامانجی پرۆژە بەرهەمی دەمودەستی کاری پرۆژەکەیە، ئەو هەلومەرجە تازەیە کە مەبەستە. چارەسەری ئەو کێشە و کۆسپانەیە بوونە هۆی پیادە کردنی ئەم پرۆژەیە.

ئامانجی پرۆژە ئەم خەسڵەتانەی هەیە:

1. دیاریکراو Specific،
2. بەرپێوان (بتوانی بپێویت و بیکێشیت) Measurable،
3. سەلمێنراو لە لایەن گروپی ئامانج و پەیوەندیدار Approved by the project owner and the project group ،

4. داکەوتەکی (واقیعی) Realistic و
5. کاتبەند (کاتی دیاریکراوی هەبێت) Time-bound.

زۆر جار ئەم پێنج وشەیە لە چەمکی "SMART" دا کۆ دەکرێنەوە.

- دەستکەوت Results / Outputs

بەرهەمی دەمودەستی چالاکییەکانی پرۆژەکەیە. کۆی هەموو دەستکەوتەکان دەبێت بگاتە ڕاستاندن (تەحقیق) ی ئامانجی پرۆژەکە.

بەشێکی دیکەی میتۆدی LFA بریتییە لە هەم پلانی چالاکی و هەم گەڕان بە دوای کەرەستەی پێویست (چ توانا و بەهرەی مرۆڤ بێت چ لایەنی دیکە) بۆ جێبەجێ کردنی چالاکییەکان.

خاڵێکی گرنگ لە LFA دا بوونی پێوەری دیاریکراوە بۆ پێوانی ئاستی گەشە کردنی پرۆژەکە لە ماوەی کاردا. دەبێت لایەنی کەم بە ئەندازەی ئامانجەکانی پرۆژەکە، پێوەرت هەبێت.

خاڵێکی دیکەی LFA مەزەندە کردنی ڕیسک (کۆسپ و مەترسی) یە. چ ڕیسکێکی دەرەکی هەیە بێتە ڕێی گەیشتنە ئامانج؟ ئەدی کۆسپی ناوەکی کامانەن؟

پرۆژە لە بۆشاییدا پیادە ناکرێت، لە بەستێنێکی جڤاکی، ئابووری و سیاسیدا کار دەکات. دەستووری نووسراو و نەنووسراو، کەرەستەی پێویست و ویستی سیاسی کار لە ڕەوتی پرۆژەکە دەکەن. ئەم هەلومەرجانەش لە شرۆڤەی LFA دا دێنە بەر مەزەندەکاری.

لە میانەی کاری پرۆژەکەدا بە میتودی LFA دەتوانیت ڕەوتی پرۆژەکە بە شێوەیەکی بەردەوام و ساختارەکی بەرانبەر پلانی و چارەسەری کۆسپەکان هەڵسەنگێنیت.

وۆرکشۆپی LFA  مۆدێلێکی باوە بۆ کۆ کردنەوەی ڕوانگە و دیدی هەموو بەرژەوەندداران دەربارەی ئەو کێشەیەی بەرباسە و هەروەها بۆ هاوڕایی دەربارەی دیاری کردنی ئامانج و شێوەی کار.

بنەمای گرنگ لە LFA دا ئەوەیە هەنگاوی یەکەم باس لە ئامانج بکەیت نەک لە چالاکی و گۆڕانکاریی. گرنگ مەبەستە نەک ئێستا چۆن بکەین.

سەرچاوەی ئەم باسە: سایتی سیدای سوێدی www.sida.se

«...»

**پێنج هەنگاوی پرۆژەکاری**

پرۆژە بریتییە لە پێنج بەشی جودای گرنگ:

1 - بیرۆکە
2 - ئامادەباشی
3 - پیادە کردن
4 - هەڵسەنگاندن
5 - بەدواداچوون

جگە لەو پێنج هەنگاوە کاری دیکە هەیە کە دەبێت لە یەکەم هەنگاوە هەتا کۆتای پرۆژەکە بەردەوام بێت، بۆ نموونە دەبێت هەنگاو بە هەنگاوی کارەکان بە نووسین تۆمار بکەیت و خشتەیەکیش بۆ شاخاڵ و شابەرهەمی پرۆژەکە ئامادە بکەن. ئەم خشتەیە دەبێت کراوە بێت و هەموو ئەندامانی پرۆژەکە سوودی لێ وەربگرن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کات بۆ یەکترناسین ئەندامانی پرۆژەکە تەرخان بکەن. ئەم خاڵە تەنها بۆ ئەوە نییە دۆستی نوێ پەیدا بکەن، دۆستایەتیی ئەندامان کاریش دەکاتە سەر ڕەوتی پرۆژەکە. لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە لە نێو پرۆژەکەدا کات بۆ دیدار و چالاکیی جڤاکیی هاوبەش تەرخان بکەن.

دابەشینی ئەرک و دەسەڵات بە ڕوونی لە نێو گرووپی کاردا خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگە هەم بۆ پاراستنی یەکێتیی ئەو گروپە، هەم بۆ خۆشڕەوتیی پرۆژەکە چونکە ساختاری ڕوون ساختارێکی کارایە.

لێرەدا هێڵکاریی ئەو پێنج بەشە ڕوون دەکەینەوە بۆ سوودی گشتی.

سەرچاوە: LSU .Säg det själv www.fn.se.


بیرۆکە
چیان کردووە؟
پەیامی ئێمە چییە؟
ئامانجمان چییە؟
بۆ کێیە؟
پێشتر کەس کاری لەسەر بیرۆکەی وەها کردووە؟
مەبەستی پرۆژەکەمان چییە؟
پرۆژەکە دەربارەی کام بابەتە بێت؟
بۆچی ڕێک ئەم پرۆژەیە؟
کەسی دیکە هەیە هاومەبەست بێت؟
چی لێ دەزانین؟
دەکرێ هاوکار بین؟


ئامادەباشی
کێ کۆمەکمان دەکات؟
چی خەرجیی دەوێت؟
پێویستمان بە خەڵکی دیکە هەیە؟
پارە؟
چۆن سوود لە دڵگەرمی هەمووان بکەین؟
توانای تەواومان هەیە؟
بودجە؟
چۆن کار دابەش بکەین؟
چی هەیە نایزانین دەبێت فێری ببین بەر لە دەسپێک؟
کێ چی دەکات و کەی؟
چی بکەین باشە بۆ ئەوەی تەواو شەکەت نەبین؟
چۆن مێدیا رادەکێشین؟
چالاکییەکان چین؟
کام مێتود بەکاربهێنین؟
چی بکەین بۆ ئەوەی کار لەم پرۆژەیەدا خۆش بێت؟


پیادەکردن
کێ بەرپرسە؟
میتودی هەڵسەنگاندن
هەڵسەنگاندن بە دەم کارەوە؟
چۆن ڕەوتی پرۆژەکەمان تۆمار بکەین؟
وێنە بگرین؟
فیلم بگرین؟
هەموو بەشدارن؟
چۆن هەتا سەر دڵگەرمیی هەمووان ڕابگرین؟
ڕیسکەکان چین؟
مۆڵەتی پۆلیسمان هەیە؟
کێ فریاکەوتنی سەرەتایی دەزانێت؟
کێ بەرپرسە؟
بەسەرکردنەوەی بودجە؟
پسووڵە چۆن دەپارێزین؟
گەر کار وەک پلان نەڕوات چی بکەین؟
لا پلانمان چی دەبێت؟


هەڵسەنگاندن
مەبەست لە هەڵسەنگاندن چییە؟
خۆمان هەڵی بسەنگێنین؟
کێ دەیخوێنێتەوە؟
کێ هەڵسەنگاندن بکات؟
ئامانجمان پێکا؟
کۆمەکبەخشی تێدا بن؟
گەر نا بۆ؟
چۆن ئەنجامەکەی بڵاو بکەینەوە؟
چالاکییەکانمان چۆن بوون؟
کێی دیکە دەبا ئارەزوو مەند بێت؟
کێی دیکە ئارەزوومەندە؟
جاری داهاتوو بیگۆرین یان نا؟


بەدواداچوون
هەنگاوی داهاتوومان
بەرە و پێشەڕۆژێکی
باشتر، چی دەبێت؟
پرۆژەکەمان
کاریگەریی هەبوو؟
بە چیدا
دەزانیت؟
لەسەر بەشداربووان؟
لەسەر خۆمان؟
لەسەر
دەوروبەر؟
چۆن سوود لە ئەزموونی ئەم جارەمان
وەردەگرین؟
کەسی دیکە هەیە پێویستی بەو
زانیاریانە هەبێت؟
پرۆژەیەکی نوێ پیادە بکەین؟
کێ ئامادەیە بەشدار
بێت؟